# سەربەخۆیی کوردستان لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دا

درەنگ یا زوو هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق پاشەکشە دەکەن، ئێستا هێزەکانی ئەمریکا لە ڕەوشێکی یەکجار خراپ بەسەر دەبەن و دووچاری قەیرانێکی چاوەڕوان نەکراو هاتوون. زۆرینەی خەڵکی عێراق حەز بە چارەی ئەمریکییەکان ناکەن و خوازیارن کە بەزووترین کات هێزەکانی خۆیان بکێشنەوە. وڵاتانی دراوسێی عێراقیش نەک هەر لەگەڵ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکادا نین، بەڵکو شێلگیرانە دژ بە جێگیربوونی ئەوان لە ناوچەکە هەڵوێست دەنوێنن و ڕێگەی خۆپارێزی دەگرنەبەر. زۆرینەی خەڵکی ئەمریکاش ئارەزوو دەکەن کە هەرچی زووترە سەربازەکانیان بگەڕێنەوەو چیتر لە دوورە وڵاتدا گۆڕغەریب نەبن. پارتی دیموکراتخوازی ئەمریکا لە ڕوانگەی پەرۆشی بۆ سەربازەکان بێ، لە ترسی ریسوایی وڵاتەکەی بێ یان مەبەستی لەزەویدانی کۆماریخوازە هاوڕکەکەی خۆی بێ، هەنووکە راشکاوانە پێداگری لەسەر دیاریکردنی خشتەی کشانەوەی هێزەکانیان دەکەن. هاوپەیمانانی ئێستای ئەمریکاش هێواش هێواش خۆیان لە داوی جۆرج بووش دەرباز دەکەن و نایانەوێ لەگەڵ بەرلسکۆنی سەرۆکوەزیرانی پێشووی ئیتالیا و تۆنی بلێری سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا هاوچارەنووس بن، بەوهۆیەشەوە ئێستا مشتومڕو لێکدانەوەیەکی گەرماوگەرم لەسەر ئاستی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئەمریکاو جیهانیش سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکرێ، مخابن تەنیا سەرکردایەتی سیاسی کورد بێباکانە لەو ئەگەرو گریمانانە دەڕوانێ و هەمیشە خۆشباوەڕانە پشت بە سۆزو بەڵێنی ئەمریکای تەکانەو بەرژەوەندخواز دەبەستێ و بەدوای دەلیڤەو دەروازەیەکی دیکەدا ناگەڕێ.

ئەزموونی مێژوویی دەریخستووە کە سەرکردایەتی سیاسی کورد زۆر ڕەها لە هاوکێشە سیاسییەکان دەڕوانن، ئەگەری گەڕانەوە دانانێن و بیریشی لێناکەنەوە.

لەکاتی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران هەمیشە لەوباوەڕەدابوون کە شەڕ ڕاناوەستێ و ڕژێمی بەعس دەڕووخێ و کورسی دەستەڵاتیش لە سەدام دەسەندرێتەوە، بۆیە لەگەڵ بەردەوامبوونی شەڕدابوون. دروشمی ڕووخانی ڕژێمی بەعس بەرزکرابۆوە.

کاتێ سەدام پەلاماری میرنشینی کوێتی دا دیسانەوە زۆرینەی سەرکردایەتی کورد لەو باوەڕەدابوون کە ئیدی سەدام پاشەکشە ناکات و دەست بەرداری کوێت نابێ، بەوهۆیەشەوە بیریان لە دانوستاندن دەکردەوە، پێیانوابوو مادام سەدام دەستی لە چاڵە نەوتەکانی کوێت گیر بووە، ئیدی لەبەرانبەر کورد و کەرکوکدا نەرمی دەنوێنێ!!

دوای خاوبوونەوەی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و مانەوەی سەدام لەسەر کورسی دەستەڵات، بەو باوەڕە گەیشتن کە ئیدی هێز نیە سەدام بڕووخێنێ، بۆیە بەرەو گفتوگۆ ڕۆیشتن، دڵسۆزانە پەرۆشی سەرخستنی دانوستاندن بوون.

لە ساڵی ١٩٩١ تا ٢٠٠٣ سەرکردایەتی سیاسی کورد پێوەندیەکی توندو تۆڵی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەردا دروست کردبوو، لەسەرداوای ئەوانیشەوە تەڕاتێنێیان لە باشووری کوردستاندا دەکرد، ئەگەر کەس و لایەنێکیش سوکە گلەیی لێبکردبان و لێی بخواستبان کە هێندە ئەو پێوەندیە تۆخ و چڕ مەکەنەوە، بەپاساوی ئەوەی کە سروشت وای کردووە، بەبێ ویست و خواستی خۆمانەوە دراوسێی ئەو نەتەوەو وڵاتانەین، خۆ ناتوانین نیشتمانی خۆمان بگوازینەوە، ناچارین و پێویستیشە کە دۆستیان بین و پێوەندی گەشەکردوومان هەبێ.

لەپێوەندی ئەوەی کە کورد لە دوای کشانەوەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا چ بڕیار دەدات و چۆن ڕەفتار لەگەڵ خۆی و دیتراندا دەدات، دەبێ ئەو ڕاستیەی کە سەدان جار دووپات کراوەتەوە، وەبیر بهێنینەوە کە ئەمریکای بەرژەوەندخواز نە لەبەر خاتری چاوی گەشی کوردو عێراقیەکان هاتۆتە ناوچەکە، نە لە ترسی هەڕەشەو پیلانەکانی سەدام و ئەلقاعیدەش پرۆسەی ئازادی عێراقی دەست پێکرد. دەبێ ڕاشکاوانە دووپاتی بکەینەوە کە ئەمریکا بە دوای پاراستن و گەورەکردنەوەی بەرژەوەندەکانی خۆی و پاوانکردنی جیهان لەشکرکێشی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین کردووە. کاتێک سوودی زیاتری دەست بکەوێ یان ڕووبەڕووی دۆڕان و شکست ببێتەوە( وەک ئەوەی ئێستا هەستی پێدەکات) زۆر ئاساییە پاشەکشە بکات و بگەڕێتەوە.

بەپێی ئەوەی کە ئێستا بەشێک لە بەرژەوەندەکانی کورد لەگەڵ بوونی ئەمریکا لە ناوچەکە هاوجووتە، دەبێ سەرمەستانە لە چارەنووس نەڕوانین. بۆ وەدەستهێنانی قازانجی زیاتر کایەی سیاسی بکەین، ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق شکان و وەدەرنران، خۆمان نەکەینە قەڵغانی دیتران، بەڵام دەکرێ شکان و سەرکەوتنی ئەمریکا لە هاوکێشەی بەرژەوەندە نیشتمانی و نەتەوەیی و ئەخلاقیەکاندا بەرجەستە بکەین.




هاوپەیمانی نێوان کوردو ئەمریکا جگە لە گەمەیەکی دۆڕاو، خۆشەویستییێکی یەک لایەنە شتێکی دیکە نییە، کەواتە بۆ وردبینانەتر هاوکێشەکان لێکنادرێنەوەو لێزانانەتر بەرەو داهاتووی خۆمان هەنگاو هەڵناگرینەوە؟!

بەرژەوەندی ڕاستینی کوردستانیان لە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دایە، با چیتر هەڕەشەو مەترسیەکانی دەوروبەر نەکەینە پاساوی نەگەیشتن بەو ئامانجە.

دەوڵەتانی ناوچەکە حەز بە بۆنی ئەمریکا ناکەن، با لەسەر ئەگەری دانپێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و باوەش نەگرتنەوە بۆ ئەمریکا لەگەڵ دەوروبەر دانوستاندن بکەین. ئەگەر کورد باوەشی بۆ جێگیربوونی هێزەکانی ئەمریکا بکاتەوە، لەوانەیە دوای هەڵوەشانەوەی عێراق ئەوسا ئەمریکا بە ناچارییەوە پشتیوانی لەو خواستە بکات، بەڵام ئەو کاتە لەگەڵ ڕک و ناحەزی و دوژمنایەتی دەوروبەر ڕووبەڕوو دەبینەوە. ئەگەر هەر لە ئێستاوە لەسەر ڕێگەنەدان بە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە نیشتمان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ ڕێکبکەوین، زۆر سەرکەوتنی گەورەتر مسۆگەر دەکەین.

لەوانەیە بڵێن دەوڵەتانی دەوروبەر بەهۆی بوونی کورد لە چوارچێوەی سنوورەکانیان هەرگیز ڕەزامەندی لەسەر کوردستانێکی سەربەخۆ نادەن، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستیە لەبەرچاو بگرین کە کوردستانی سەربەخۆ هەرگیز مەترسی لەسەر چارەنووسی ناوەندی ئەو وڵاتانەی دەوروبەر پێکناهێنێ، بەڵکو جێگیربوونی هێزەکانی ئەمریکا لە کوردستان و ناوچەکەدا هەڕەشەیەکی ڕاستین لەسەر داهاتووی ناوەندەکانی وڵاتانی دەوروبەر پێکدەهێنێ و پەسندیش ناکرێ.

دەوڵەتانی دەوروبەر کوردستانی سەربەخۆ بەباشتر لە جێگیربوونی ئەمریکا لە ناوچەکە دەبینن.

تورکیا کوردستانێکی سەربەخۆی پێ لە عێراقێکی مەزهەبی پێ باشترە. ئێران جێگیربوونی ئەمریکای پێ پەسند ناکرێ و هەموو ئەگەرەکانی دیکەی پێ باشترە. سوریا لە مانەوەو جێگیربوونی ئەمریکا هەترەشی دەچێ و بە هۆکاری ڕووخان و هەڵوەشانەوەی خۆی دەزانێ.

ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد بە هێرش و لەشکرکێشی وڵاتانی دەورەبەر دەمانترسن، دەبێ ئەو ڕاستیە وەبیر بهێنینەوە کە هەرگیز ئەوان ئەو مافەیان بە خۆیان ڕەوا نەبینیوە ئۆپەراسیۆن بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان بکەن ئەگەر لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە ئۆکەیان پێنەدرابێ و چرای سەوزیان بۆ دانەگیرسابێ و بانگهێشت نەکرابن.

خوێندنەوەی ئەو ڕاستیە زۆرێک لە خۆمان و لە دۆستانمان نیگەران و دڵتەنگ و تووڕە دەکات، بەڵام ڕامیاری نەک تەنیا هونەری لەدەست هاتووە، بەڵکو زانستی چۆنیەتی دەکارهێنانی هونەری هونەرەکانیشە، پەی بردن بە کرۆکی ئەو زانستە گرێکوێرەو دەرگە قوفڵدراوو داخراوەکانی دیکەی هاوکێشە ڕامیاریەکان دەکاتەوە.

**نووسینی :**
**ڕێکار ئەحمەد**



rekarahmed@hotmail.com
www.rekar.org

# ڕووەکی خەشخاش عێراق بەرەو کارەساتێکی دیکە دەبات

لە پانتایی بێدەستەڵاتی و نەبوونی حوکمی یاسادا، لەنێو گێژاوی شەڕی تایفی و تیرۆردا خەڵکی عێراق وازیان لە کشتوکاڵی ئاسایی هێناوە، بۆ گەرمکردنی بازاڕی مادە هۆشبەرەکان و وەدەستهێنانی سەرمایەی ئاسان بەرەو چاندنی خەشخاش ڕۆیشتوون.

پاتریک کۆکبرن پەیامنێری ڕۆژنامەی ئیندپێندتی بەریتانی لەبەغداد بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لە شارەکانی عێراقەوە دەستی کەوتووە، دەنووسێ: ئێستا لە کێڵگەکانی ئەو وڵاتەدا بەشێوەیەکی بەرچاو خەشخاش دەڕوێندرێ. بەوهۆیەشەوە عێراق بەرەو ئەفگانستانێکی دیکە دەڕوات.

پەیامنێری ڕژنامەکە پشتی بە زانیاریەکان بەستووە دەڵێ: بە دێژایی ڕووباری فورات لە ڕۆژئاوای شاری دیوانیە چاندنی برنج ڕاگیراوە کە پێشتر بە کێڵگەی برنج ناسراوبوو، ئێستا خەشخاش جێگەی برنجی گرتۆتەوە. هەرچەندە بۆ کێڵگەی ئەفیۆنی لەسەرەتای کاردایە، بەڵام لەوانەیە بە شێوەیەکی خێرا بەرەو ئەو ئاقارە بڕوات. گروپە توندڕۆکان بۆ وەدەستهێنانی سەرمایە کێبەرکێ لەسەر چاندنی خەشخاش دەکەن، ئەمەش سەرەتای دیاردەیەکی ترسناک و مەترسیدارەو وڵات بەرەو گێژاوی قەیرانێکی دیکە دەبات. گروپەکان بۆ درێژەدان بە شەڕو ناکۆکیان لەگەڵ یەکترو لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکادا پێویستیان بە پارەو سەرمایەی زۆر هەیە، ئەو پارەیەی لە خەشخاشیش دەست دەکەوێ بە پێوانە لەگەڵ داهاتەکانی دیکەدا زۆرترین دەستکەوتە.

پەیامنێری ڕۆژنامەی ئیندیپێندتی بەریتانی پێیوایە کە گروپەکان نەک هەر خۆیان ئەو کارە دەکەن، بەڵکو هانی خەڵکی ئاسایی دەدەن کە خەشخاش بچێنن و سوودی لێوەربگرن. ئەوان لە ڕاونگەی ئایینەوە گیرۆدەکردنی ئەمریکیەکان بە مادەی هۆشبەر بەکارێکی ڕەوا دەزانن و سڵی لێ ناکەنەوە.

پەیامنێرەکە پێیوایە کە دانیشتووانی پارێزگای دیوانیە بەهۆی گەرماو بەرزبوونەوەی شێ دووچاری گرفتی گەورە هاتوون، بەوهۆیەوە پەنا بۆ چاندنی خەشخاش دەبەن. ئەو کە خۆی سەردانی ناوچەکەی کردووە، بینویەتی کە چاندنی خەشخاش لەسەرەتا دایەو هێشتا پێنەگەیشتووە، بەڵام ئەگەر پێبگات کارەساتێکی دیکە دەقەومێ. ئەو دەنووسێ: هەرچەندە عێراقیەکان بۆ خۆیان بەدەگمەن دەکاری دەهێنن، کەچی بەسەرچاوەیەکی باشی داهاتی دەزانن و دەیانەوێ لەڕێگەی بەسرەو سنوورەکانی دیکەوە ڕەوانەی وڵاتانی دیکەی بکەن.



پەیامنێری ڕۆژنامەکە پێیوایە کە ماوەیەکی دوورو درێژە کە بازرگانانی مادە هۆشبەرەکان عێراق وەکو وێستگەی گواستنەوەو ڕەوانەکردن بەکاردەهێنن و سوودی لێوەر دەگرن، بەوهۆیەشەوە خەڵکی عێراق زانیاری پێویستیان لەسەر کۆکردۆتەوەو ئاگاشیان لە قازانجەکانی هەیە، بەڵام زۆربەیان نایانەوێ خۆیان گرفتاری ماددەی هۆشبەر بکەن.

پەیامنێری ڕۆژنامەکە پێیوایە کە دەزگەی ئاسایشی ڕژێمی سەدام ڕاستەوخۆی یا ناڕاستەخۆ پارێزگای بەسرەیان وەک بنکەی گواستنەوەی هێرۆین بەکار دەهێناو بە ئەنقسەت ماددەی هۆشبەریان بۆ وڵاتانی کەنداو دەنارد و هەوڵیان دەدا زۆرترین خەڵکی عەرەبستانی سعودی دووچاری ئەو پەتایە ببن.

لەوانەیە ماوەیەکی دوورو درێژ بێ کە ڕووەکی خەشخاش و ئەوانەی ماددەی هۆشبەری دیکەیان لێ دروست دەکرێ لە عێراق نە چاندرابن، چونکە جاران چاودێرییەکی چڕ لەسەری لەسەر هەبوو، دەزگە و لایەنە پەیوەندارەکان بە وردی چاودێریان دەکرد، لەوانەیە ئێستاش جووتیارەکان بەبێ هاندانی گروپەکانەوە پەنایان بۆ چاندنی خەشخاش بردبێ، بەڵام ناکرێ لێی بێ ئاگابن.

پەیامنێری ڕۆژنامەکە دەنووسێ کە سۆمەریەکان ڕووەکی خەشخاشیان ناسیووەو چاندوویانە، بە تایبەتیش کە عێراق هەوایێکی گەرمی هەیەو زەمینەی لەباری بۆ چاندن و پێگەیاندنی هەیە. سێ هەزارو چوار سەد ساڵ بەر لە زایین سۆمەریەکان سوودیان لێوەرگرتووەو چاندوویانە، بەڵام لەوانەیە هەزاران ساڵ بێ کە خەڵکی عێراق وازیان لێ هێناوەو خۆیان لێ دوور کردۆتەوە. سۆمەریەکان بە خەشخاشیان دەگوت هۆل گیل، واتە ڕووەکی خەندەدار. نووسینەکانی پاشماوەی سۆمەریەکان کە لەشاری نەفەڕ دۆزراونەتەوە باسی چاندنی ئەو ڕووەکەیان کردووە کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دیوانیە.

ڕۆژنامەکە دەنووسێ : ئێستا نەک لە دیوانیە بەڵکو لە هەموو شارەکانی عێراق تیرۆرو تۆقاندن هەیە، لە بەسرەو ناسریەو کوت و شارە شیعە نیشینەکانی دیکەش بەهۆی کارەساتەکانی تیرۆر شیرازەی ژیان تێکچووە، کەس ئاگای لە کەس نەماوە، بەوهۆیەشەوە چاندنی خەشخاش بە ئاسانی بەڕێوەدەچێ و چاودێری لەسەر نیە.

ئێستا بەدەر لە ناکۆکی و ململانێ و شەڕی تایفی لەنێوان سوننەو شیعەکاندا، کوشتنی ڕۆژنامەنووس و پەیامنێران لە شارەکاندا پەرەی گرتووە، لەوانەیە یەکێ لە هۆکارەکانیش ئەوەبێ کە نەیانەوێ ڕۆژنامەنووسان لێیان نزیک ببنەوەو مەسەلەکەیان لێ ئاشکرا بکەن و لێیان گەورە بکەنەوەو حکومەتی عێراقیش ناچار بێ کە ئەو ناوچانە بپشکنێ.

ڕۆژانامەکە پێیوایە کە گروپە توندڕۆکان زۆر بە ڕێکخراوی تالیبان و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە سەرسامن و لەژێر کاریگەری ئەواندان و دەشیانەوێ لە چاندنی خەشخاشدا لاسایی ئەوان بکەنەوە.

ئەزموونی ئەفگانستان ئەو ڕاستیەی سەر ڕاست کردۆتەوە کە چاندنی ئەو ڕووەکانەی کە ماددە هۆشبەرەکانیان لێ دروست دەکرێ سەرچاوەیەکی پڕ داهاتی ئاسانە، زۆر بە خێرایی پێدەگات و قازانجی لێدەکەن.

ڕۆژنامەکە دەنووسێ کە ڕۆژی شازدەی ئایار ژمارەیەک کەس دەستگیر کران کە هەوڵی گواستنەوەی ماددەی هۆشبەریان دەدا.

ڕۆژنامەکە دەنووسێ : جیاوازی ئەوەیە کە ئەفگانستان زۆر لەمێژە بە چاوگەی بەرهەمێنەری ئەفیون ناسراوە، ژمارەیەک تاقیگەی تێدا دروست کراوە، کە لەوێ ڕووەکی خەشخاش بۆ هێرۆین دەگۆڕدرێ. هەرچەندە لەسەر فتوای مەلا عومەری ڕێبەری تالیبان بەشێک لە جووتیارانی ئەفگانستان وازیان لە چاندنی خەشخاش هێنابوو، بە تایبەتیش لەو ناوچانەی کە تالیبان فەرمانڕەوایی تێدا دەکرد، بەڵام لە باشووری قەندەهار جووتیاران کەلەم و کاهوی خۆیان هەڵدەکێشاو لە جێگەی ئەواندا ئەفیونیان دەچاند، کاتێ هێرشی ئاسمانی ئەمریکا بۆ سەر ئەفگانستان دەستی پێکرد، ئیتر بواری چاندنی ئەو ڕووەکانە کەم بۆوە، ئێستا بە دزییەوە دەچاندرێن. هەرچەندە شاری بەسرەو هەندێ شاری دیکەی باشووری عێراق لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی بەریتانیا دان، بەڵام دیسانیشەوە ئەوان ناتوانن پاسەوانی لە نەچاندنی خەشخاش بکەن و تەواوی شوێنەکان بپشکنن.

ڕۆژنامەکە دەنووسێ: ئێستا براوەی شەڕی عێراق نەک ئەمریکاو بەریتانیا نین، بەڵام گروپە نەیارەکانی ئەوان دەرفەتیان بۆ ڕەخساوەو بە ئاسانی سوود لە خەشخاش وەردەگرن و پارەی پێ کۆدەکەنەوە.

ڕۆژنامەکە نەک بە تەنیا گروپە توندڕۆکان، بەڵکو هەندێ هێزی سیاسی عێراقیش بەوە تۆمەتبار دەکات کە بەرنامە سوود لە بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان دەکەن و کێڵگەی کشتوکاڵی تایبەت بە خۆیان دروست کردووە.

ڕۆژنامەکە دەنووسێ: بەرفراوانی و کرانەوەی سنوورەکان تەواو لەبەرژەوەندی ئەو هێزانە دایە کە بازرگانی بە ماددە هۆشبەرەکانەوە دەکەن. سنوورەکان پاسەوانیان نیەو ڕێگەی هاتووچۆش زۆر ئاسانە.

ڕۆژنامەکە دەنووسێ کە بەڵگەکان پێشان دەدەن کە چاندنی خەشخاش لە دەورووبەری دیوانیە لەژێر کاریگەری ئەفگانستان دایە، شێوازی ئەوان پێڕۆ دەکەن، وەکو ئەوان هەوڵی وەدەستهێنانی دارایی دەدەن.

**وەرگێڕان و ئامادەکردنی:**

**شەماڵ عەبدوڵڵا**